# بەرەو دەستورێکی هاوچەرخ بۆ کوردستان

## د.کەمال سەید قادر

هەبونی دەستور یەکێکە لە سیماکانی بە دەولەتبون چونکە هیچ دەستورێک نی یە بێ بونی دەولەت یاخود نیمچە دەولەت کەوا هەرێمە فیدرالی یەکانیش دەگرێتەوە. هەر بۆیەشە هەرێمە فیدرالی یەکان هەروەکو هۆیەکیش بۆ دەربڕینی خاوەن سەروەری یەتی خۆیان هەڵدەستن بە دارِشتنی دەستورێکی تایبەت بەخۆیان.

جارێ وا هەیە ئەگەر ناوچەیەک دەولەتو نیمچە دەولەتیش نە بێت، ئەوا هەر بۆ جەختکردنەوە لە سەر تایبەتمەندی خۆیو سەروەری یەتەکەی دەستورێک بۆخۆی دادەڕێژێت ئەگەر چی لە ژێر ناوێکی تریشدا بێت هەروەکو بۆنمونە هەرێمی ئۆتۆنۆمی باسک لە ئیسپانیا کەوا یاسایەکی بنەڕەتی بۆخۆی داناوە لە ناوەڕۆکدا شان لە شانی دەستوری هەر وولاتێکی سەربەخۆ دەدات.

دیاردەی بونی دەستور ئەوەندە بەستراوەتەوە بە دەولەتبون کەوا هەندێ هەرێمی فیدرالی لە دەستورەکانیانا هەتا ناوی خۆشیان بە کۆمار دەبن لە جیاتی ولایەت یاخود هەرێم هەروەکو دەستوری کۆماری مۆنتێنیگرۆو کۆماری سربسکا هەرچەندە یەکەمیان بەشێکە لە کۆماری سربیاو مۆنتێنێگۆی فیدرالیو دووەمیشیان بەشێکە لە کۆماری بۆسنیاو هرزگۆڤینای فیدرالی. وە هەتا یاسای بنەڕەتی باسکیش ناوی هەرێمەکە بە وولاتی باسک دەبات لە جیاتی هەرێمی ئۆتۆنۆمی باسک. دیارە ئەو کەسەی وورەی هەبێت دەتوانێت ئەو ناوو دەستورە بۆ خۆی هەلبژێرێت کەوا لێ ی دەوەشێتەوە.

لە سیستەمێکی فیدرالیشدا دانانی دەستوری هەرێمەکان لە لایەن هەرێمەکان خۆیانەوە یەکێکە لە خەسلەتە سەرەکی یەکانی ئەم سیستەمە، ئەگەرچیش نابێت دەستوری هەرێمەکان لە چوارچێوە گشتی یەکەی دەستوری فیدرال دەرچن. بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەوا دەستوری هەرێمەکان ببنە کۆپی یەک لە دەستورێ فیدرالی بەلکو ئەم چوارچێوەیە تەنها پرنسیپە سەرەکی یەکان دەگرێتەوە، هەوەکو بۆ نمونە لە مادەی 28ی دەستوری ئەلمانیا هاتوە کەوا دەستوری هەرێمەکان نابێت ناکۆک بن لە گەل پرینسیپەکانی کۆماریو، دیمکراسیو دەولەتی یاسا. لەم چوارچێوەیە بەدەرەوە هەرێمەکان بە تەواوەتی سەربەخۆن لە دارِشتنی دەستورەکانیاندا وەکو یەکەیەکی سیاسی خاوەن سەروەری.

مەبەستی سەرەکیش لە دەستوری هەرێمەکان ئەوەیە کەوا ئەو بوارانەی پەیوەندی دارن بە هەرێمەوە وە دەستوری فدرالی ناتوانێت بە ووردی چارەسەریان بکات، دەبێ دەستوری هەرێمەکە خۆی بەم ئەرکە هەلسێت. بۆ نمونە دەستوری هەرێمێک دەتوانێت بە شێوەیەکی فراوانتر ژیانی دیمکراسی لە هەرێمێکدا بۆ هاولاتیان دابین بکات، مافە بنەڕەتی یەکان فراوانتر بکات وە هەتا

ده‌مو دامودەزگای دەستوری واش دامەزرێنێت کەوا کەوا لە دەستوری فدرالی هەر بونیان نەبێت، یاخود سیستەمێکی هەلبژاردنی جیا لە سیستەمی هەلبژاردنی فدرالی پەیرەو بکات وە گۆڕانکاری لە خولی هەلبژاردنیش بکات. بۆ نمونە خولی هەلبژاردنی پەرلەمانی ئەلمانی 4 سالە کەچی هەمان خولی پەرلەمانی هەرێمەکانی نیدرزاخسنو نوردراین ژێستفالن پێنج سالە. وە هەتا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزیرەکان دەتوانن بە شێوەیەکی جیا لە سیستەمی فدرالی هەلببژێردرێن.

جاری واش هەیە هەتا سیستەمی یاساییش لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی ترەوە لە گەل سیستەمی یاسایی فدرالیش جیاوازی هەیە وەکو چۆن لە نێوان دەولەتان باوە. ئەمریکا یەکێکە لەم نمونانە کەوا 51 سیستەمی یاسایی تیایە، لە ولایەتێکدا بۆ نمونە بۆی هەیە سزای لە سێدارەدان هەبێت وە لە ولایەتێکی تر قەدەغەبێت. خالی گرنگ ئەوەیە کەوا دەستوری هەرێمێک لە چوارچێوەی پرنسیپە سەرەکی یەکانی دەستوری فدرالی دەرنەچێت. بۆ نمونە ئەگەر سیستەمی حوکم لە ولاتێک فدرالی بو ئەوا سیستەمەکە لە هەرێمێکدا ناتوانێت مەلەکی بێت.

ئەم لایەنە تیۆریانەی دەستور گرنگی یەکی تایبەتیان هەیە بۆ پرۆسەی داڕشتنی دەستوری هەرێمی کوردستان تاکو دەستوری هەرێمیش بە دەردی دەستوری فدرالی نەچێتو مافەکانی خەلقی کوردستان بە مسقال نەپێوێت. هەروەکو لە سەرەوە بۆمان ڕون بوەوە هەرێمەکان خاوەن سەروەری دەستوری تەواون لە چوارچێوە گشتی یەکەی دەستوری فدرالیدا بۆیە دەبێت لێژنەی داڕشتنی دەستوری هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی دەستوری فدرالی عێراق قۆلی لیٚ هەلکاتو هەرچی مافو دەسەلات هەیە بۆ خەلقی کوردستانی دابین بکات.

ڕاستە پرۆسەی داڕشتنی دەستوری عێراقی فدرال بارێکی تایبەتی هەبو چونکە پرۆسەکە لە ڕاستیدا لە لایەن ئەمریکاوە بە ڕێوەچو، بەلام هەمان گیروگرفت لە پرۆسەی دەستوری کوردستان لە ئارادا نی یە، بۆیە دەبێت بە لایەنی کەمەوە ئەم مافو دەسەلاتانە بۆ خەلقی کوردستان لەم دەستورە دابین بکرێن کەوا شیاوی هەرێمێکی فدرالی وەکو کوردستان بن یاخود هەرهیچ نەبێت ئەم مافو دەسەلاتانەی کەوا هەرێمی ئۆتۆنۆمی باسک بە خۆی داوە. هەرچەندە دەبیٚ چاوەڕوان بکرێت کەوا دەستوری کۆماری سربسکاو مۆنتێنێگرۆ کەوا دوو هەرێمی فدرالین ببنە نمونەی دەستوری کوردستان.

ئەم باسەش وەکو بەراوردێکو مۆدێلێک بۆ هەرێمی کوردستان، دەستورەکانی هەرێمی باسکو، کۆماری سربسکاو،کۆماری مۆنتێنێگرۆو هەرێمی کویبێکو چەند ولایەتێکی فدرالی جیا جیا شیٚ دەکاتەوە.

بە بۆچونی ئەم باسە دەستوری هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەم بوارانەی خوارەوە قەرەبوی هەمو ئەم لاوازیانە بکاتەوە کەوا لەڕەشنوسی دەستوری عێراقی فدرال هاتون بە پەیوەندی لە گەل مافو دەسەلاتەکانی هەرێمی کوردستان:

1. دەسەلاتەکانی هەرێم: ناوەڕۆکی دەستورێکی فدرالی ئەم دەسەلاتانەیە کەوا دەستوری فدرالی بۆ هەریەک لە دەزگاکانی فدرالیو هەرێمەکان دیاری دەکات. دەستوری فدرالی عێراق تەنها ناوی دوو جۆر لە دەسەلاتەکان دێنێت: یەکەمیان ئەو دەسەلاتانەن کەوا تایبەتن بە حکومەتی فدرالی وەکو بەرگریو پارە بۆ نمونە، وە دووەمیان دەسەلاتە هاوبەشەکانن لە نێوان حکومەتی فدرالیو هەرێمەکان. سەبارەت بە دەسەلاتی هەرێمەکانیش ئەوا دەستورەکە هەمو ئەم دەسەلاتانەی بۆ هەرێمەکان جێ هێشتوە کەوا ناویان لە دوو جۆرەکەی سەرەوە نەهاتوە. گیروگرفت لێرەدا لەوانەیە تەنها لە بواری دەسەلاتە هاوبەشەکان ڕوو بدات چونکە دیاری نەکراوە ئەم دەسەلاتانە چۆن بە هاوبەشی جێ بە جێ دەکرێن. بۆ نمونە ئایا دانانی یاساکان لە بواری دەسەلاتە هاوبەشەکان لە ئەرکی دەزگاکانی فدرالی دەبێت وە جێ بە جێ کردن دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەزگاکانی هەرێمەکان، یاخود بە پێچەوانەوە؟ تاقی کردنەوەی سیستەمە فدرالی یەکانی تری جیهان پشانی دەدەن کەوا باشترین شێوە بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم جۆرە دەسەلاتانە ئەوەیە کەوا لایەنی فدرالی یاسای بنەڕەتی دەربکات وە لایەنی هەرێم یاسای چۆنی یەتی جێ بەجێ کردنو جێ بە جێ کردنی یاساکەش ڕاستەوخۆ بگرێتە ئەستۆ بەلام لە سەر حسابی بودجەی فدرالی. بۆ نمونە دەسەلاتی بەڕێوەبردینی سەرمایەی ئاوی ناوخۆو بەرهەمهێنانی کارەبا دەسەلاتی هاوبەشن لە نێوان دەسەلاتی فدرالیو دەسەلاتی هەرێمەکان، جا لێرەدا دەسەلاتی هاوبەش وا دەگەیەنێت کەوا لایەنی فدرالی لە ڕێگای یاسایەکەوە تەنها مەرجە تەکنیکیی یەکان دیاری بکات بۆ دابەشکردین ئاوو بەرهەمهێنانی کارەبا وە لایەنی هەرێمیش لە ڕێگای یاسایەکی تێرەوە هەمو لایەنەکانی تری ئەم بوارە ڕێکبخات وە دەزگاکانی جێ بە جێ کردنی هەرێم هەلسن بە جێ جێ بەجێ کردنی یاساکەش لە سەر حسابی بودجەی فدرالی. ئەم پرنسیپە دەتوانرێ لە دەستوری هەرێم بچەسپێندرێت چونکە لە دەستوری عێراق ڕێکنەخراوە.

سەبارەت بەو دەسەلاتانەش کەوا تەنها تایبەتن بە هەرێمی کوردستان ئەوا باشترین دەرفەت بۆ هەرێمی کوردستان هەلکەوتوە کەوا فراوانترین دەسەلات بۆخۆی گربدات چونکە ئەم دەسەلاتانە لە دەستوری عێراق بە ناو دیاری نەکراون. دەسەلاتەکانی هەرێم دەتوانن ئەوەندە فراوان بن کەوا باشترە لە دەستوری کوردستاندا نەیەنە ژماردن یەکە بە یەکە، بەلکو تەنها ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کەوا دەسەلاتەکانی هەرێم هەمو ئەو دەسەلاتانە دەگرێتەوە جگە لەو دەسەلاتانەی لە دەستوری عێراقدا بۆ دەزگاکانی فدرالی تەرخانکراون. دەستوری کۆماری سربکسا کە ولایەتێکی فدرالی بۆسنا هرزگۆڤینایە لە مادەی 3ی خۆیدا دەلێت کەوا هەمو دەسەلاتو جمو جۆلێک تەرخان دەکرێت بۆ کۆماری سربسکا جگە لەوانەی کەوا تەرخانکراون بۆ حکومەتی فدرالی.

بەلام هەندێ دەسەلات هەیە کەوا لە بەر گرنگی زۆر تایبەتیان، باشترە دەستوری هەرێم بە ڕوونی ناویان بهێنێت، بە تایبەتی لە بوارەکانی بەرگری لە خاکی هەرێمو، ئاسایشی ناوخۆو، بەرهەم هێنانی ووزەو پەیوەندی یە دەرەکی یەکانی هەرێم. جگە لە چۆنی یەتی بە ڕێوەبردنی پەیوەندی یەکانی هەرێم لە گەل حکومەتی فدرالی عێراقی.

2. سیستەمی یاسایی: سیستەمی یاسایی هەمو ئەم بوارانە دەگرێتەوە کەوا پەیوەندی یان بە دانانی یاساو جێ بە جێ کردنیو بە کارهێنانی لە لایەن دادگاکان هەیە وەکو یاسای مەدەنیو سزاو ڕێکخستنی دادگاکان. لە سیستەمێکی فدرالیدا مەرج نی یە هەمو هەرێمەکان یەک سیستەمی یاسایی یان هەبێت، یاخود هەمان سیستەمی یاسایی فدرالی یان هەبێت، چونکە هەرێمەکان دەتوانن تایبەتمەندی کولتوریو مێژوییو ئابوری کۆمەلایەتی خۆیان لە ڕێگای سیستەمی یاسایی تایبەت بە خۆیان بخەنە ڕوو. ئێستا بۆ نمونە هەر یەکێک لە ولایەتەکانی ئەمریکا سیستەمی یاسایی تایبەت بە خۆی هەیە کەوا دەتوانن زۆر لە یەکتر جیاوازبن وەکو بۆ نمونە سیستەمی یاسایی ولایەتی لویزیانا کەوا سیستەمە یاسایی یەکەی ڕۆمی یە کەچی سیستەمی یاسایی فدرالیو هەرێمەکانی تر ئینگلیزی یە. لە هەرێمی کویبێکی کەنەداش هەر بە هەمان شێوە سیستەمی یاسایی ڕۆمی بە کاردێت لە جیاتی سیستەمی ئینگلیزی.

هەرێمی کوردستانیش وەکو هەر هەرێمێک کەوا خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی دەبێت سیستەمێکی یاسایی جیا لە سیستەمەکانی هەرێمەکانی تری عێراقو سیستەمی فدرالیش پەیڕەو بکات کە بگونجێت لە گەل عورفو پێداویستی یەکانی کوردستان. بە تایبەتی لە بواری یاسای سزاو مەدەنی دەبێت تایبەتمەندی یەکانی خەلقانی کوردستان بە کەمایەتی یەکانیشی یەوە لە بەرچاو بگیرێت. هەتا لە لایەنی ڕێکخستنی دادگاکانیشەوە مەرج نی پێکهاتەی دادگاکانی کوردستان هەمان پێکهاتەی فدرالی بێت بەلکو هەرێمی کوردستان دەتوانێت تیپی دادگای نوێ دامەزرێنێت وەکو دادگای ئیداریو، گەنجو، خێزانو، کارو، مافی مرۆڤ.

3. مافە بنەڕەتی یەکان: وەکو مافە سیاسیو مەدەنیو ئابوریو کۆمەلایەتیو کولتوری یەکان ئامانجی سەرەکی یان سنوردارکردنی دەسەلاتی سیاسی یە. ئەم دەسەلاتە هەرچەندە دیمکراسی یانەش هەلبژێردرابێت ئەوا بۆی نی یە مافی ئەو کەسانە پێشێلبکات کەوا پێشتر خۆیان هەلیانبژاردوە، ئەمەش پێ دەوترێت مافە سلبی یەکان. جگە لەوەش کەوا ئەرکی دابینکردنی مافە کولتوریو ئابوریو کۆمەلایەتیەکان وەکو دابینکردنی کارو حەوانەوەو خزمەتگوزاری پزیشکی دەخاتە ئەستۆی دەولەت کەوا دەولەت دەبێت دابینیان بکات، ئەمەش پێ دەوترێت مافە ئیجابی یەکان چونکە دەولەت داوای دەستتێوەردانی لێ دەکرێت لە جیاتی دەستتێوەرنەدان هەروەکو لە حالەتی مافە سلبی یەکان باوە. هەر دەستورێکی هاوچەرخ یەکێک لە بەشە هە رە گرنگەکانی بەشی مافە بنەڕەتی یەکان دەبێت لە گەل دیاری کردنی ئەم دەزگایەی کەوا چاودێری جێ بە جێ کردنو پاراستنی ئەم مافانە دەکات. لەم بوارەدا هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی ئازادە لیستی مافە بنەڕەتی یەکان بە جۆرێک فراوان بکات، کەوا زۆر لە لیستەکەی نێو دەستوری عێراق تێپەڕ بکات. بۆ نمونە دەستوری کوردستان دەتوانێت بە شێوەیەکی تێر مافی کۆمەلایەتیو ئابوری بۆ هاوولاتیانی کوردستان، وەکو مافی نیشتەجێبون لە شوێنی لایەق بە مرۆڤو، کارکردنو، بیمەی تەندروستیو، ژینگەی پاکو پەروەوردەو خوێندن لە هەمو ئاستێکی یەوە لە خۆی بگرێت. دەستوری هەندێک لە هەرێمە فدرالی یەکان لیستی ئەم مافانە ئەوەندە فراواندەکەن کەوا بواری نوێش

بگرێتەوە. بۆ نمونە دەستوری هەرێمی بەرلینی ئەلمانی لە مادەکانی 6-37 دا جگە لە مافە بنەڕەتی یە کلاسیکی یەکان ناوی مافی نوێش دێنێت وەکو وەرزشو، مافی کەمئەندامو، قەدەغەکردنی پرۆپاگەندەی ڕەگەزپەرستیو وە هەتا پاراستنی مافی ئاژەلیش. پەرەپێدانی مافە بنەڕەتی یەکان لە دەستوری کوردستاندا زیاد لە چوارچێوەی دەستوری عێراقی هیچ ناکۆکی یەک لە گەل دەستوری عێراقدا دروست ناکات، بەلکو هاولاتی دوو جار دەبێتە خاوەن مافی بنەڕەتی کەوا ئازاد دەبێت لە هەلبژاردنی ئەم مافانەی باشتر بۆی دەگونجێن چونکە هەردو لیستەکە ملزەمە. لە مادەی 49 ی دەستوری کۆماری سربسکا هاتوە کەوا ئەگەر بێتو کەلەکە کردنێک لە نێوان ئەم مافانە ڕویدا کەوا لە دەستوری فدرالیو دەستوری کۆمار ی (هەرێمی سربسکا) هاتون ئەوا هاولاتی دەتوانێت ئەمەیان هەلبژێرێت کەوا گەورەترین سودی پێ دەگە یەنێت. جوانترین دیاردە لە دەستوری کوردستان ئەوە دەبێت ئەگەر بێتو دەستورەکە هەمو ڕێککەوتنامەکانی مافی مرۆڤ بکاتە بەشێک لە دەستوری کوردستان، هەروەکو لە مادەی 8ی دەستوری هەرێمی بایرنی ئەلمانی هاتوە کەوا پرنسیپە بنەڕەتی یەکانی یاسای نێودەولەتی بەشێکن لە یاسای ناوخۆی بایرن. لایەنی تری زۆر گرنگ لەم بوارەدا ئەوەیە کەوا دەستوری کوردستان ئەم دەزگا یاسایی یانە دیاری بکات کەوا ئەرکی پاراستنی مافە بنەڕەتی یەکانی دەستوری دەکەوێتە ئەستۆ. بۆ نمونە ئەم دەزگایە دەتوانێت دادگای دەستوری هەرێمی کوردستان بێت، یاخود وەکو هەرێمی کوێبێکی کەنەدی دادگایەکی تایبەت بۆ مافی مرۆڤ دابمەزرێت. دادگاکان هەرچەندە ڕۆلی سەرەکی دەبینن لە پاراستنی مافی هاولاتیانا لە سیستەمە دیمکراسیەکاندا، بەلام بۆ لەبەلا کردنەوەی هەمو کێشەکان لەم بوارەدا هەردەم زۆر گونجاو نین. لێرەدا بۆ نمونە کێشە بچوکەکانی ڕۆژانە لە گەل ئیدارەکان وەکو گەندەلی بچوکو خراپ بەکارهێنانی دەسەلاتی ئیداری لە لایەن فەرمانبەرانەوە پیویستیان بە پرۆسەیەکی لێکۆلینەوەی خێرا هەیە نەک ڕێگای دادگایی کەوا مانگو سال دەخایەنێت. باشترین ئامراز بۆ لا بەلا کردنەوەی ئەم جۆرە کێشانە وە پاراستنی مافی هاولاتیان، دامەزراندنی دەزگای دادوەری گشتی یە کەوا لە سەر ئاستی جیهانی بە **OMBUDSMAN** ناسراوە. ئەم دەزگایە نیمچە دادگایی یە واتە حوکم دەرناکات وە لە لایەن پەرلەمانەوە هەلدەبژێردرێت بەلام سەربەخۆیە، وە ئەرکی سەرەکی لێکۆلینەوەی فەسادی ئیداری ڕۆژانەیە لە لایەن فەرمانبەرانەوە بە هەمو جۆرێکیانەوە وە هەتا پۆلیسیش دەگرێتەوە. هەمو هاوولاتی یەک دەبێت بۆی هەبێت بە بێ ڕەسمیات پەنا بەرێتە بەر ئەم دەزگایە بە نوسین یاخود گوتن لە کاتی پێویست. ئەم جۆرە دەزگایە لە هەرێمی کوێبێکو زۆرینەی هەرە زۆری هەرێمە فدرالی یەکانی جیهان هەیە.

4. مافی چارەنوس: مافی چارەنوس مافێک نی یە لایەنی کوردوستانی خۆی بیبەخشێتە خۆی یاخود چاوەڕوان بکات لایەنی عێراقی خێرو سەدەقەی پێ بکات، بەلکو مافێکە یاسای نێودەولەتی بۆ هەمو میللەتانی جیهانی دابینکردوە وە هەتا فەرزیشی کردوە.
کە لە ڕەشنوسی دەستوری عێراقدا مافی چارەنوس وەکو یەکێک لە پرنسیپە بنەڕەتی یەکانی یاسای نێودەولەتی ناوی نەهاتوە، ئەگەرچی یەکێک بو لە داواکاری یە سەرەکی یەکانی لایەنی

کوردی، ئەوا دەگەڕێتەو بۆ جەهالەتو ترسنۆکی نوێنەرانی کوردی، چونکە ئەوان نەدەبوایە دابینکردنی مافی چارەنوس لە دەستوری عێراقدا وەکو دواکاری یەکی کوردی بخەنە پێش بەلکو وەکو یەکێک لە پرنسیپەکانی نێودەولەتی کەوا عێراق خۆشی پێشتر دانی پیاناوە کاتێک بوەتە ئەندامی هەردو ڕێککەوتنامەی نێوەدەولەتی مافی مرۆڤ، واتە ڕێککەوتنامەی مافە سیاسیو مەدەنی یەکانو ڕێککەوتنامەی مافە ئابوریو کۆمەلایەتیو کولتوریەکانی سالی 1966. ئەم دوو ڕێککەوتنامەیەی کەوا عێراق ئەندامیانە هەردوکیان لە مادەی 1 ی خۆیاندا مافی چارەنوسی گەلان وەکو یەکێک لە پرنسیپە سەرەکی یەکانی یاسای نێودەولەتی دەچەسپێنن. ئەم دوو ڕێککەوتنامەیە خۆشیان لە سەروی دەستوری عێراقین.

نوێنەرانی کوردی ترسنۆکیش بونە چونکە پێ یان دانەگرتوە لە سەر دابینکردین ئەم مافە لە دەستوردا کەوا ئەمریکی یەکان ڕۆلی سەرەکی یان لە داڕشتنەکەی بینی.

بۆیە دەستوری کوردستان دەتوانێت وە دەبێت بە بێ یەکودوو هەلسێت بە پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە بە پشتبەستن بە یاسای نێودەولەتی کەوا گەلی کوردستانیش دەگرێتەوە.

دەستوری زۆر لە هەرێمە فدرالی یەکانی جیهان بە پشتبەستن بە هەمان سەرچاوەی یاسای نێودەولەتی مافی چارەنوس بۆ گەلەکانی هەرێمەکانیان دابین دەکەن.

بۆ نمونە لە دیباجەی یاسای بنەڕەتی هەرێمی باسکی ئۆتۆنۆم هاتوە کەوا گەلی باسک مافی ئەوەی هەیە بڕیار لە سەر دواڕۆژی خۆی بدات لە سەر بناغەی مافی چارەنوس بۆ گەلان کەوا لە سەر ئاستی نێودە ولەتی دانی پیانراوە وەکو لە هەردو ڕێککەوتنامە نێوەدولەتی یەکەی سەبارەت بە مافە مەدەنیو سیاسی یەکانو مافە ئابوریو کۆمەلایەتیو کولتوری یەکانیشەوە هاتوە. هەر بە هەمان جۆر لە دیباجەی دەستوری کۆماری (هەرێمی فدرالی) سربسکای سەر بە کۆماری بۆسنیاو هرزگۆڤینا هاتوە کەوا مافی چارەنوس مافێکی سروشتیو نەگۆڕی گەلی سربسکایە.

لە مادەی 1ی یاسا بنەڕەتی یەکانی هەرێمی کویبێکیش هاتوە کەوا گەلی کویبێک مافی چارەنوسی هەیە وەکو مافێکی دانپیانراو لە سەر ئاستی جیهانی. لایەنی کوردیش دەبێت لەم بوارەدا لە کاتی داڕشتنی دەستوری هەرێمی کوردستان بوێری پشانبدات بە پێچەوانەی دەستوری عێراقی.

3. سیستەمی حوکم: سیستەمی حوکمی چۆنی یەتی پێکهاتەی دەسەلاتی سیاسیو، بڕیاردانی سیاسیو هەلبژاردن دیاری دەکات. سیستەمێکی حوکم دەتوانێت کۆماری یاخود مەلەکی، یا سەرۆکایەتی یا پەرلەمانی بێت. سیستەمی حوکم لە هەرێمی کوردستاندا دەتوتوانێت تەنها کۆماری، پەرلەمانی، دیمکراسی، تەعەدودی بێت، واتە حکومەت پەرلەمان هەلی دەبژێرێت وە سەرۆکی هەرێمیش لە ڕێگای هەلبژاردنەوە پۆستی پێ دەبەخشرێت نەک لە ڕێگای ویراسی یەوە، چونکە ئەم سیستەمە لە دەستوری عێراقدا وەکو پرنسیپێکی بنەڕەتی دیاری کراوە کەوا دەستوری هەرێم ناتوانێت لێ ی لا بدات. بەلام ئەوەی لە دەستوری کوردستاندا دەتوانرێت بکرێت ئەوەیە

کەوا پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی بە پێچەوانەی سیستەمی عێراقی، دەبێ تەوافقی بێت نە ک حوکمی زۆرینە ئەگەرنا هەرێمی کوردستان لەوانەیە لە نێوان هێزە سیاسی یە سەرەکی یەکانی کوردستان لەت لەت بێت هەروەکو ئێستا لەت لەت بوە، چونکە هیچ لایەنێک لەم لایەنە سەرەکی یانە  قایل نابێت لایەنەکەی تر لە ڕێگای زۆرینەی دەنگەوە حوکمی بکات. سیستەمی تەوافقی وادەگەیەنێت کەوا هەمو بڕیارە سیاسی یەکان بە ڕێککەوتنی هەمە لایەنە دەربچن. بۆیە دەبێ حکومەتی هەرێمیش بریتی بێت لە کۆئالیسیۆنێکی بەردەوامو پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتیش بە نۆبەت بێت. لە پال ئەوەشدا دەبێت پرنسیپی دیمکراسی پەرەی پێ بدرێت وەکو بۆ نمونە لە ڕێگای بەشداری کردنی خەلقی هەرێم بە شێوەیەکی فراوانتر لە پرۆسەی دروستبونی بڕیاری سیاسی لە ڕێگای ڕیفراندۆمو داواکاری یەوە. بۆ نمونە هەروەکو لە زۆر وولاتانی تر باوە ئەگەر  ژمارەیەکی بەرچاو لە دەنگەرانی کورد کەوا یاسا دیاری دەکات، داوایانکرد یاسایەکی نوێ دابنرێت یاخود یەکێکی کەون لا ببرێت، ئەوا دەبێت پەرلەمانی کوردستان خۆی بەم داواکاری یە خەریک بکات یاخود ڕیفراندۆمێک لە سەر ئەم داواکاری یە بخاتە ڕێ. پرنسیپێکی تری گرنگ کەوا باشترە لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا بچەسپێت، پرنسیپی جووت ئەنجومەنی پەرلەمانی هەرێمە. واتە پەرلەمانی کوردستان وا باشترە لە یەک ئەنجومەن پێک نەیەت هەروەکو ئێستا بەلکو دابەش بکرێت بە سەر دوو ئەنجومەن. ئەنجومەنێکی نوێنەران کەوا نوێنەرایەتی هەمو خەلقانی کوردستان دەکەن وە ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاران کەوا نوێنەرایەتی کەمایەتیو ناوچەکان دەکەنو پیاوانی ئایینیو سیمبۆلیش لە خۆی دەگرێتەوە وەکو پێشمەرگەی کۆنو هونەرمەندو پارێزەرانی مافی ئافرەتو مرۆڤ. هەردو ئەنجومەنەکە بە یەکەوە لە  پرۆسەی یاسادانان بەشدار دەبن. ئەم سیستەمە بۆی هەیە پەرلەمانی ئێستای کوردستان لەم چەقینەی ئێستای ڕزگار بکات کەوا بۆتە پەرلەمانێکی کارتۆنی بێ تواناو دەسەلات. ئەم جۆرە سیستەمە لە سەر ئاستی جیهانی زۆر باوە هەروەکو لە زۆ رینەی ولایەتەکانی ئەمریکا پەیرەو دەکرێت. جووت ئەنجومەنی دەسەلاتی یاسادانان یەکێکە لە خەسلەتە زەقەکانی سیستەمی فدرالی، بۆیە دەستوری هەرێمی کوردستان دەتوانێت کەموکوڕی دەستوری عێراق لەم بوارەد پڕبکاتەوە کەوا سیستەمێکی جووت ئەنجومەونی زۆر لاوازی هەیە، بەلکو دەستوری هەرێم پێش لە دەستوری فدرالی بگرێتەوە.

6. پەیوەندی یە نێودەولەتی یەکان: ئەگەر سیتەمێکی فدرالی لە دەلەتێکی فرە نەتەوەییدا کەوا عێراق یەکێک لەوانە، وەکو جۆرە قەرەبوکردنەوەیەک سەیربکرێت  لە جیاتی مافی چارەنوس تەواو، واتە دەمەزراندنی دەولەتی کوردیو عەرەبی سەربەخۆ لە عێراقی ئێستادا، ئەوا دەبێت دەسەلاتی  فدرالیو هەرێمی کوردستان وەکو دوو یەکەی خاوەن سەروەری یەکسان سەیر بکەین. واتە دەبێت هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوەی دەسەلاتی فدرالی مافی ڕێکخستنی پەیوەندی یەکانی دەرەوەی هەبێت لە چوارچێوەی ئەو دەسەلاتانەی کەوا دەستوری فدرالی پێ ی دراوە. پەیوەندی دەرەکی تەنها کردنە وەی نوێنەرایەتی لە دەرەوە ناگرێتەوە، بەلکو بەستنی ڕێککەوتنامەی نێودەولە تیو بون بە ئەندام لە ڕێکخراوە نێودەولەتی یە پەیوەندی دارەکانیش دەگرێتەوە. لە ڕاستیدا نەک هەر هەرێمە فدرالی یەکانی جیهان بە زۆرینەیان ئەم مافە بەخۆیان

دەدەن بەلکو هەتا هەرێمی ئۆتۆنۆمیش هەن کەوا خۆیان لەم مافە بێ بەش ناکەن. یاسای بنەڕەتی هەرێمی باسکی ئۆتۆنۆمی ئیسپانی بۆ نمونە لە مادەی 67یدا دەلێت هەرێم مافی ئەوەی هەیە نوێنەرایەتی لە دەرەوە هەبێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندی یەکانی هەرێمی باسک لە دەرەوە، وە هەروەها هەرێم مافی بەستنی ڕێککەوتنامەی نێودەولەتیشی هەیە لە گەل مافی بەشداربون لە کارەکانی ڕێکخراوە نێو دەولەتی یەکان بە تایبەتی لە بوارەکانی کولتورو زمانو مافی مرۆڤ. جگە لەوەش یاساکەی هەرێمی باسک کەوا لە جێگای دەستورەکەیەتی لە مادەی 68 یدا دەیچەسپێنێت کەوا هەر ڕێککەوتنامەیەکی نێودەولەتی حکومەتی ئیسپانیا بیبەستێت وە بتوانێت کار بکاتە سەر بەرژەوندی یەکانی هەرێمی باسک، ئەوا پێوستی بە ڕەزامەندی هەرێمی باس دەبێت. جا دەبێت دەستوری هەرێمی فدرالی کوردستان بە قەد هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی وەکو هەرێمی باسکیش جورئەتی هەبێت وە ئەم مافانە بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکات؟ دەسەلاتی هەرێمە فدرالی یەکانی جیهانیش لەم بوارەدا دیاردەیەکی زۆر ئاسایی یە. بۆ نمونە هەمو هەرێمە فدرالی یەکانی ئەلمانیاو نەمساو بەلجیکاو بۆسنیا هرزگۆڤیناو سربیاو مۆنتێنێگرۆ ئەم مافەیان هەیە.هەر بۆ نمونە لە مادەی 72 دەستوری ولایەتی بایرنی ئەلمانی فدرال هاتوە کەوا ڕێککەوتنامە نێودەولەتی یەکان لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پاش ڕەزامەندی پەرلەمانی ولایەت دەبەسترێن. لە مادەی 4ی دەستوری سربسکاش هاتوە کەوا کۆمارەکە مافی ڕێکخستنی پەیوەندی یە دەرەکی یەکانی خۆی هەیە بە شێوەیەکی جیا لە پەیوەندی یەکانی حکومەتی فدرال. دەستوری هەرێمی کوردستانیش بە بێ دابینکردنی ئەم مافە سەرەکی یە کەلێنێکی گەورەی تێ دەکەوێت چونکە پەیوەندی یە دەرەکی یەکانی هەرێم شتێکی نوێ نین بەلکو بونەتە عورفێک. ئەگەر هیچیش نەبێت تەنها لە بەر خاتری کوروبرای سەرکردەی حیزبە گەورەکان خۆیان کەوا ئێستا نوێنەرایەتی باوکوبراکانیان دەکەن لە دەرەوە، بەلکو ئەم کاتە خاسلەتێکی نێودەولەتی وەرگرن وە حەسانەشیان هەبێت.

7. مافی کەمایەتی یە نەتەوایەتیو ئاینی یەکان: ئەم مافانەش لەم مافانە نین کەوا دەستوری کوردستان بیکات بە خێر بە کەمایەتی یە نەتەوەییو ئایینی یەکانی کوردستان، بەلکو یاسای نێودەولەتی ئەم مافانەی فەرزکردوە لە سەر هەمو وولاتان. جا ئەگەر لە دەستوری هەندێ هەرێمو دەولەتدا وەکو دەستوری تورکی بۆ نمونە ئەم مافانە دابین نەکرابن ئەوا ئەمە جۆرێکە لە پێشێلکردنی یاسای نێودەولەتیو ڕسوابونی نێودەولەتی. جا کە چاوەڕوان ناکرێت هەرێمی کوردستان هەنگاوێک بنێت دژ بە یاسای نێودەولەتی، دەبێ دەستوری هەرێمی کوردستان بە تێرو تەسەلی مافی کەمایەتی یەکانی کوردستان دابین بکات بە جۆرێک کەوا ببێتە مایە ڕسوابونی ئەودەولەتانەی کەوا هەمان ئەم مافانە لە دەستورەکانیاندا نادەن بە گەلی کورد. لێرەدا دەبێت وەکو جۆرێک لە دانپیانان ناوی هەمو کەمایەتی یە ئاینیو نەتەوایەتی یەکانی کوردستان یەک بە یەک بژمێردرێت، ئینجا دان بە مافەکانیان بنرێت بە پێ ی یاسای نێودەولەتی. لە ڕاستیشدا هەر دەستورێک ئەگەر خۆی بە دیمکراسی بزانێت وە ڕیز لە یاسای نێودەولەتی بگرێت ئەوا مافی کەمایەتی یەکان دابیندەکات لە ناوەڕۆکەکەیدا. هەرێمی کویبێکی کەنەدی بۆ نمونە لە یاسای

مافە بنەڕەتی یەکانیدا کەوا بەشێکە لە دەستورەکەی دان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ ژمارەیەک لە کەمایەتی یەکانی دەنێت. دەستوری کۆماری (هەرێمی) مۆنتێنێگرۆش لە مادەی 67یدا دان بە مافی هەمو کەمایەتی یە نەتەوایەتیو، کولتوریو، زمانیو ئاینی یەکان دەنێت. بە هەمان شێوە مادەی 7 لە دەستوری سربسکا.دەستوری هەرێمی کوردستان بە دانپیانان بە مافی کەمایەتی یەکانی کوردستان کۆمەکێکی گەورەی پارچەکانی تری کوردستان دەکات.

8. بەرگری: لە هەمو سیستەمە فدرالی یەکانی جیهان ئەرکی بەرگری لە وولات بەرامبەر بە خەتەری دەرەوە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەوتی فدرالی. بەلام لە گەل ئەوەشدا ولایەتە فدرالی یەیکان وەکو یەکەیەکی سیاسی خاوەن سەروەری بۆیان هەیە هێزی پاراستنی هەرێمی تایبەت بەخۆیان هەبێت. بۆ نمونە یاسای بنەڕەتی هەرێمی ئۆتۆنۆمی باسک لە مادەی 45 دا دەلێت کەوا پاراستنی سنورەکانی هەرێمو بەرژەوەندی یەکانی ئەرکی سەرشانی هێزەکانی هەرێمی باسکە. دەستوری کۆماری سربسکاش لە مادەی 105 یدا دەلێت کەوا کۆماری سربسکا دەبێت هێزی چەکدراری خۆی هەبێت. جگە لەوانەش هەمو ولایەتەکانی ئەمریکیش هێزێکی چەکدراری خۆیان هەیە بە ناوی پاسەوانی نیشتمانی.

سەبارەت بە کوردستانیش هەرچەندە دەستوری عێراقی فدرالی تەنها بە شێوەیەکی گشتی مافی پێکهێنانی هێزی پاسەوانانی هەرێم دەدات بە هەرێمی کوردستان بە بێ ڕوونکردنەوەو چونە ناو ناوەڕۆکی چۆنی یەتی پێکهاتەی ئەم هێزەو جۆری چەکداریکردنی، کەوا ئەمەش لە خۆیدا دەرفەتێکی باشە بۆ دەستوری هەرێم ئەم بوارە بە تێروتەسەلی ڕێکبخات یاخود ئاماژە بۆ یاسایەکی تایبەت لەم بوارەدا بکات. بە تایبەتی کەوا ئێستا عێراق بەرەو چارەنوسێکی نادیار دەڕوات وە دیمکراسیەتو سەرەری یاسا هێشتا بەرپانەبوە لەم وولاتەدا وە هەردەم ئەگەری گەڕانەوەی وولات بۆ دکتاتۆری یەت هەیە کەوا بێ گومان وەکو هەمیشە قوربانی یەکەمی گەلی کورد دەبێت. بۆیە دەبێ هەمو ئەگەرەکان لە بەر چاو بگیرێن لە کاتی دیاری کردنی ژمارەو جۆری چەکی هێزی پاسەوانانی هەرێم.

10. سەرۆکایەتی هەرێم: هەر هەرێمێکی فدرالی جا چ سیستەمی حوکمی سەرۆکایەتی، یاخود پەرلەمانی بێت، دەبێ پۆستێک دیاری بکات کەوا ڕۆلی بەرزترین پلە لە دەسەلاتی ڕاگەیاندن بگێڕێت. ئەگەر سیستەمەکە کۆماری بێت وەکو وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ نمونە، سەرۆکی حکومەت هەر لەخۆیەوە حاکمیشە واتە سەرۆکی هەرێمیشە، بەلام لە سیستەمی پەرلەمانیدا ئەم بوارە بە شێوەی جیا جیا پەیڕەو دەکرێت. بۆنمونە لە مادەی 69ی دەستوری سربسکا هاتوە کەوا سەرۆکی کۆمار(سەرۆکی هەرێم) سیمبۆلی یەکێتی نەتەوەییو نوێنەری کۆمارە. لە مادەی 83ی هەمان دەستوریش هاتوە کەوا سەرۆکی کۆمار جێگرێکیشی دەبێت. دەستوری کۆماری (هەرێمی) مۆنتێنێگرۆش لە مادەی 86یدا دەلێت کەوا سەرۆک کۆماری هەرێم ڕاستەوخۆ لە لایەن گەلەوە هەلدەبژێردرێت. لە هەندێ حالەتی تریشا پۆستێکی تایبەت بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم ئەرکە

دیاری ناکرێت، بەلکو جێ بە جێ کردنی ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەزگاکانی تری هەرێمەکە. بۆ نمونە لە ولایەتەکانی زاخسنو تیورنگنی ئەلمانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەڕۆلی سەرۆکی هەرێمیش هەلدەستێت.

هەرکەسێکیش بە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی پێ بسپێردرێت دەبێ چەند مەرجێکی سەرەکی پرکاتەوە لەوانە دەبێ مرۆڤێکی بە تواناو پاک بێت، بێ لایەن بێت، نەک نوێنەرایەتی حیزبێکو عەشیرەتێک بکات. نابێت خائنو جاسوس بوبێتو یاخود جاشایەتی کردبێت. دەشبێ دوور بێت لە گەندەلیو دزی کردنی ملکی گشتیو هیچ تاوانێکیشی لە ڕابردوو نەکردبێت. دەشیێت پاش هەبژاردنیشی هەردەم لێپرسراو بێت بەرامبەر بە گەل واتە ئەگەر یاسای شکاند یاخود ئاشکرابو کەوا لە ڕابردو یەکێک لە مەرجەکانی بون بە سەرۆکی تیا بە دی نەدەکرا، بۆ نمونە ئەگەر ئاشکرا بو کەوا لە ڕابردو دزی لە میللەت کردوە یاخود جاسوس بوە، ئەوە دەبێت دەنگەران مافی ئەوەیان هەبێت، چۆن هەلیانبژاردوە ئاواش لە سەر کاری لا بەن، واتە لە ڕێگای دەنگدان. بۆ نمونە لە مادەی 88ی دەستوری سربسکا هاتوە کەوا سەرۆک کۆمار دەتوانرێ لە ڕێگای دەنگدانەوە لە سەر کار لا ببرێت. ئەم پرنسیپە لە یاسای دەستوری بە بانگردنەوە **Recall** ناسراوە. دەستوری کۆماری مۆنتێنێگرۆش هەربەهەمان شێوە لە مادەی 87یدا سیستەمی بانگرکردنەوەی سەرۆک کۆماری هەیە.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان من لەم باوەڕە نیم کەوا سەرۆکی هەرێمی ئێستا ئەم مەرجانەی سەرۆکایەتی پرکاتەوە. لە ڕاستیدا لە ڕابردو ئەوەی من ئاگادرابم وە شایەد بم جاسوس بوە، خیانەتی کردوە لە 31ی ئاب، جاشایەتی بۆ ئێرانو تورکیا کردوە، دزی ڕادەبەدەر لە میللەت دەکات بە هاوکاری کەسوکارو عەشیرەتەکەی، لێپرسراوە بەرامبەر بە کوشتنو بێ سەروشوێنکردنی هەزارەها کەس، جگە لە هەتککردنی ناموسی خەلق. بە کورتیو کرمانجی ئەگەر ئەم کەسە هاولاتی دەولەتێکی دیمکراسی خاوەن سەروەری یاسا بوایە ئێستا لە جیاتی ئەوەی بکرێت بە سەرۆکی هەرێم یاخود لە سێدارە دەدرا یاخود هەتا هەتایە زیندانی دەکرا. پرۆسەی کردنیشی بە سەرۆکی هەرێم، پرۆسەیەکی خۆڕسکی کوردی نەبو بەلکو دەرئەنجامی پالەپەستۆی ڕاستەوخۆی دەزگا جاسوسی یەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل بو کە ئێستا دەستی لە گەلیان تێکەل کردوە بۆ گەیشتن بە دەسەلات. یەکێتی نیشتمانی کوردستانو لایەنە سیاسی یەکانی تریش ئەم ڕاستی یە دەزانن بەلام لە مل کەچ کردن زیاتر هیچیان بۆ نەماوەتەوە، ئە گەرنا هەمو بەرژەوەندی یە تایبەتی یەکانی خۆیان لە دەست دەدەن. پاش ئەم گەشتە هاوبەشەی سکرتێری گشتی ی.ن.ک. سەرۆکی ئیدارەی هەولێر بۆ ئەمریکا، سەرۆکایەتی حکومەتی یەکگرتوش دەدرێت بە برازاو زاوای سەرۆکی هەرێم، ئەمیش هەر لە ژێر پالەپەستۆی ئەمریکا. ئەمەش هەموی پێ دەوترێت دیمکراسیەت.

ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بە ڕاستی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکاتو سەربەخۆیە، ئەوا دەبێت بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا بچێتەوە، چونکە یاسای سەرۆکایەتی ئێستای هەرێمی کوردستان زیاتر لە یاسای فرعەون دەچێت نەک لە یاسایەکی هەرێمێکی دیمکراسی. سەرۆکی هەرێم نە جێگری هەیەو نە لێپرسراویشە بەرامبەر بە گەل.

11. چاودێری دارایی: شەفافیەتو لێ پرسینەوە لە خاسلەتە هەرە سەرەکی یەکانی سیستەمی دیمکراسین. هەرێمی کوردستانیش بێ گومان هەولدەدات سیستەمێکی سیاسی وا دامەزرێنێت کەوا لە ڕیزی ئەم جۆرە سیستەمانەدا جێگەی ببێتەوە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش دەبێت دەستوری هەرێم هەنگاوی زۆر ڕستەقینەو ڕاستەو خۆو بوێرانە بهاوێت، بە تایبەتی لە بواری چاودێری دارایی حکومەتی کوردستاندا. ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەردو ئیدارەکە بریتین لە زەلکاوێک لە گەندەلیو ناشەفافیەت کەوا بەردەوامبونی زوو یا درەنگ بە نغرۆبونی هەردو حیزبی سەرەکی کۆتایی دێت. جا لێرەدا پێش هەمو شتێک لە بەرژەوەندی هەردو حیزبی سەرەکی خۆیانە وە لە پێناوی مانەوەیان لە سەر دەسەلات، کەوا بەربەرەکانی گەندەلی بکەن. باشترین میکانیزم بۆ چاودێری دارایی هەرێم بە پێ ی تاقی کردنەوەی هەرێمو وولاتانی تر، دامەزراندنی دەزگایەکی سەربەخۆو بێ لایەنو کاریگەری چاودێری دارای یە، بە پێچەوانەی ئەم دوو دەزگایەی ئێستا لە هەردو ئیدارەکە هەن کەوا دەزگای حیزبینو ئەرکی سەرەکی یان داپۆشینی گەندەلی یە نەک بەربەرەکانی کردنی. ئەم دەزگایە لە لایەنی پەرلەمانەوە هەلدەبژێردرێت لە کەسانی نەزیهو بە تواناو بوێر، کەوا دەتوانێت هەمو لایەنە سیاسی یەکانیش بگرێتەوە، بە مەرجێک لە کارەکانیانا بێ لایەن بن. دەزگاکە مافی ئەوەی دەبێت چاودێری هەمو خەرجیو داهاتەکانی حکومەتی هەرێم بکات وە سالانە ڕاپۆرتێک بدا بە پەرلەمان لە سەر کارەکانی وە هەمان ڕاپۆرت بلاویش کرێتەوە. هیچ دەستورێکی دیمکراسی لە جیهان نی یە مەسەلەی چاودێری دارایی تاوتۆ نەکات. بۆ نمونە دەستوری ولایەتی بایەرنی ئەلمانی لە مادەی 8یدا دەلێت دەزگایەکی بالای چاودێری دارایی دادەمەزرێت کەوا خاسلەتی بێ لایەنی دادگای دەبێت. دەستوری هەرێمی کوردستان نابێت لە هیچ لایەنێکەوە شتێکی لە دەستورە دیمکراسی یەکانی جیهان کەمتر بێت.

12. دادگای دەستوری کوردستان: بونی دادگای دەستوریش لە هەر وولاتێکو هەرێمێک هەروەکو دەستورەکە خۆی یەکێکە لە سیماکانی بون بە دەولەت بۆیە هیچ دەستورێکی دیمکراسی بێ ڕێکخستنی مەسەلەی دادگای دەستوری دەرناکرێت، جا لە ژێر هەرچی ناوێکدا بێت. ئەرکی سەرەکی دادگا دەستوری یەکان هەروەکو بۆ نمونە لە مادەکانی 61-66ی دەستوری ولایەتی بایرنی ئەلمانی هاتوە، بریتی یە لە چاودێری بە دەستوری بونی یاساکان، لابەلا کردنەوە کێشە یاسایی یەکانی نێوان دەزگاکانی دەولەت،بەرزکردنەوەی سکالاو داواکاری سزایی دژ بێ لێپرسراوانی بەرزی وولات، پاراستنی مافە بنەڕەتی یەکانو چاودێری کردنی چەسپاندنیان وە لابەلاکردنەوەی ئەم کێشانەی کەوا پەیوەندی یان بە هەلبژاردنەوە هەیە.

دادگای دەستوری هەرێمێک مەرج نی یە لە پێکهاتەو ئەرکەکانی کۆپی یەیک بێت لە دادگای دەستوری فدرالی، بۆیە دادگای دەستوری هەرێمی کوردستان دەتوانێت هەمو ئەم کەمو کوڕی یانە پڕکاتەوە کەوا پەیوەندی یان بە دادگای دەستوری عێراقی وە هەیە، واتە ئەم کەمو کوڕی یانەی بە تایبەتی لە بواری چۆنی یەتی هەلبژاردنی ئەندامەکانی دادگای عێراقی فدرالی بە دی دەکرێت، ناکرێت لە دەستوری هەرێمی کوردستان دووبارە ببنەوە. گرنگ ئەوەیە کەوا دادگای دەستوری نابێت بە سیاسەت بکرێت، چونکە دەزگایەکی زۆر حەساسە. بۆ نمونە ئەندامەکانی دەبێت لە سەر بناغەی شارەزاییو بێ لایەنی هەلبژێردرێن نەک لە سەر بناغەی مەیلی حیزبیو عەشایەری.

هەروەکو لە سەرەوە بینیمان هیچ سنورێک دانەنراوە لە بەر پەرلەمانی کوردستان بۆ دانانی دەستورێکی دیمکراسی هاوچەرخ، تەنها ئەو سنورانە نەبێت کەوا یاسای نێودەولەتی بۆ دەستورێک لە جیهان دایدەنێت، وەکو بۆ نمونە دەستورێک نابێت ڕەگەزپەرست بێت. جگە لە یاسای نێو دەولەتی هەروەکو لە سەرەتا باسمانکرد، دەستوری عێراقیش پرنسیپە سەرەکی کانی دەستوری هەرێمەکانیشی دیاری کردوە وەکو، کۆماریو، دیمکراسیو تەعەدودی جا بۆیە کەس بە تەمای مەلیکایەتی کوردستان نەبێت، کش مەلیک.